# "بەرلەوەی پارێزەر بم هونەرمەندمو شانازی بەهونەرمەندیمەوە دەکەم"

## هونەرمەند جەمال محەمەد شەریف

### ئا/ فەرەیدون موبلغ

جەمال محەمەد شەریف ناسراو بە جەمالی حەمەکۆڵ ساڵی (١٩٥٢) لە شاری سلێمانی لە خێزانێکی مام ناوەندی نەخوێندەوار لە گەرەکی حاجی حان لەدایکبووە.. باوکو دایکی هەر لە منداڵیەوە پێیان وتووە نابێت ئەم کورە وەك خۆیان کوێر بێت، واتا نەخوێندەوار بێت، بۆیە هەر لەتەمەنی (٥) پێنج ساڵانەوە باوکی خستوویەتیە لای فەقێ سەعید کە فەقێ بووە لە مزگەوتی حاجی حان بۆ ئەوەی فێری خوێندەواریو قورئانی پیرۆز ببێت، لەبارەی چوونیەوە بۆ وانە خوێندن لەو مزگەوتە، هونەرمەند دەڵێ "لەبەرئەوەی تەنها منداڵ بووم لەو مزگەوتەدا هەر زوو بێزار بوومو پاش ماوەیەکی کورت وازم هێنا.. بۆیە باوکم ناچار خستمیە حوجرە لای مەلا ئەورەحمانە سورە واتا لای مەلا عبدالرحمن کە لە خانوەکەی خۆیدا ژورێکی تەرخان کردبوو بۆ فێرکردنی خوێندەواری بۆ منداڵانو شارەزاکردنیان بە بنەماکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز منیش لەلای ئەو مامۆستا بەڕێزە فێری خوێندنی قورئانی پیرۆزو بنەماکانی ئاینی ئیسلام بووم واتا من ئەلفو باء بەرلەوەی لە قوتابخانە فێر ببم لەلای ئەو بەڕێزە فێربووم لە ماوەیەکی زۆر کورتدا قورئانی پیرۆزم تەواو کرد پێیان ئەوتم قورئانی خەتم کردوە تا گەیشتمە خوێندنی گلستان ئیتر تەمەنم گەیشتە ئەوەی کە لە قوتابخانە وەربگیرێم و لە قوتابخانەی (زێوەری) سەرەتایی وەرگیرام، ئەوسا من جیاوازیم هەبوو لەگەڵ قوتابییەکانی تردا چونکە من ئەمتوانی ناوی خۆمو باوکو باپیرم بەجوانی بنوسم بۆیە هەندێ چاو کراوەتر بووم لە قوتابییەکانی هاوڕێم بۆیە توانیم زۆر بەسەرکەوتوانە قوتابخانەی سەرەتای تەواو بکەم لە قوتابخانەی زێوەر گشت پۆلەکانم یان بەیەکەمی یان بەدووهەم ئەبڕی دواتر توانیم ناوەندی ئامادەیی تەواو بکەم بەشی زانستی زۆر خولیای خوێندنم دەکرد لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان دوو ساڵ هەوڵمدا بەڵام وەرنەگیرام لەگشت تاقیکردنەوەکاندا سەرئەکەوتم دواتر ئەیان وت بچن خۆتان ناونوس بکەن لە قوتابیان ئەوسا تەنها یەکێتی قوتابیانی سەر بەحزبی بەعس هەبوو منیش وەك هەموو کوردێکی بەشەرەف پێم لەنگی بوو خۆم لایان تۆمار بکەم بۆیە بەناچاری لە کۆلیژی یاساو ڕامیاری وەرگیرام

گەرچی من دەرچووی پۆلی شەشەمی زانستی بووم توانیم هەر بەسەرکەوتوانە بەشی یاسا تەواو بکەم لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٠ بۆیە هەر لەو ساڵەوە پیشەی پارێزەریم هەڵبژاردو تا ئێستا بەپیشەی پارێزەریەوە خەریکم".



جەمالی حەمە کۆڵ

دەربارەی کاری پارێزەریش جەمالی حەمە کۆڵ پێی وایە کاری پارێزەریو کاری هونەر زۆر نزیکن لەیەك، ئەو دەڵێ "لەهەر دوو کارەکەدا رۆڵی کەسایەتیەکی جیاواز دەبینم، لەکاری پارێزەریم دەبمە بریکاری هەرکەسێك ڕۆڵی ئەو کەسە دەبینم و داکۆکی لە مافەکانو کەسایەتی ئەو دەکەم بەخواستو ویستی ئەو هەر هەمان شێوە لەکاری هونەریدا هەر ڕۆڵێکم پێ بسپێرن یان هەر کەسایەتیەکم بۆ دیاری بکەن ئەو ڕۆڵە یان رۆڵی ئەو کەسایەتیە بەرجەستە دەکەم". ئەو پێی وایە کەهەمیشە لە نواندندایە کەهەر لە منداڵیشەوە ئارەزووی لاسایی کردنەوەی کردووە، بۆیە لە کۆڵانەکەیاندا هەمیشە لاسایی شەلو سواڵکەرەکانو خەڵکانی تری بۆ هاوڕێکانی کردۆتەوە تا ساڵی ١٩٧٠ کە لە گەڕەکی قەزازەکان لای ماڵی هونەرمەند سەلاح بالابەرز شانۆیەکی بچوکیان دروستکردووەو لەگەڵ

هونەرمەندان عەلی نوریو عومەر دڵپاكو سەلاح باڵابەرز هەندێ كاری هونەری یان شانۆییان پێشكەش بەخەڵكانی ئەو گەڕەكە كردووە، لەوانەش (كاوەی ئاسنگەر).

جەمالی حەمە كۆڵ ئاماژە بەوە دەدات كە لەمانگی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ بووەتە ئەندامی تیپی نواندنی سلێمانی كە ئەوكاتە هونەرمەند ئەحمەد دەنگ گەورە سەرۆكی تیپ بووەو، هەر هەمان ساڵ ناوبراو لە شانۆگەری قلیشایەوە بەشداری كردووەو بۆ یەكەم جار پێی ناوەتە سەر تەختەی شانۆ چونكە ئارەزووەكانی زۆربوون و گەورەبوون بەردەوام لەو شانۆگەریانەی تیپی نواندنی سلێمانی پێشكەشی دەكرد وەك (شانۆگەری پیری ئاخر شەڕ، نرخی ئازادی، قەیسەرت لەبیرنەچێ، بازرگانی شەڕ، ئاهەنگێ لەدوا شەوی ژینمدا، چاوی كوردستان، مانگرتن، كۆتایی زۆردار، پاڵەوانێتی گەل، شاخەوانی مەزن، ئابلۆقە، ڕێڕەوی گەل)و هەندێ كاری شانۆی تر بەشداری كردووە. هەروەها لەزۆربەی بەرهەمە تەلەفزیۆنییەكانی تیپی نواندنی سلێمانی وەك (شەمامەو خاڵ خاڵ، ژاڵە، مانگرتن، نێرگز، لە چایخانەدا، گوڵی خوێناوی، شۆڕشی هەژاران) بەشداری كردووە، لەم ساڵانەی دواییشدا لە هەندێ درامای تەلەفزیۆنی وەك (نمەخان، خۆرنەوەزان، گوڵەكانی ماڵئاوایی، رۆشنا، گەردەلول)و هەندێكی تر بەشداری كردووە.

جەمالی حەمە كۆڵ وەك هونەرمەندێك خەون بەشانۆیەكی هاوچەرخەوە دەبینێ، كە شان بەشانی شانۆكانی وڵاتانی پێشكەوتووی جیهان بێت، هەروەها خەون بەسینەمایەكی كوردی هاوشانی سینەماكانی هۆڵیودەوە دەبینێت، هەروەك ئەو ئاواتەخوازە هونەرمەندی كورد هاوشانی هونەرمەندە پێشكەوتووەكانی جیهان بێت چونكە هونەرمەندی كورد هیچ كات توانای هونەری لە هونەرمەندانی گشت وڵاتانی جیهان كەمتر نیە. ئەو دەڵێ "خەون بەو ئامێرە پێشكەوتوانەی هونەری سینەماوە دەبینم كە لە جیهاندا هەنو هاوكات لە وڵاتان كاری هونەری پێ ئەنجام دەدرێت، تا لای ئێمەش هەبێتو خەون بەكردنەوەی خولی هونەریەوە دەبینم كە ساڵانە زۆربەی هونەرمەندان سودی لێ ببینن و بیاننێرن بۆ وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهان لەبواری هونەریدا بۆ خوێندنی هونەرو فێربوونی هونەرو تێكەڵ بوون بەهونەرمەندانی جیهانیو شارەزابوون لە هونەری جیهانیو خەو بەسینەمایەكەوە دەبینم هاوشانی سینەماكانی ئیتاڵیاو هۆڵیود هەر كەنەبێت خەو بەدەزگایەكی سانسۆر (رەقابە)وە دەبینم كە دروست بێت لە وەزارەتی رۆشنبیری تا بتوانێت سانسۆر بخاتە سەر ئەو بەرهەمە كرچو كاڵانەی كە بەناوی هونەری كوردیەوە بازاڕەكانی كوردستانو كەناڵە تەلەفزیۆنە كوردیەكانیان داگیركردووە چونكە هیچ سانسۆرێك لە وەزارەتی رۆشنبیریەوە نیە تا دەسەڵاتی هەبێت یان راستەوخۆ لەلایەن حكومەتی كوردیەوە بۆیە خەریكە ئەو بەرهەمە كرچو كاڵە بێ ئاستو نا هونەریانە سەرجەم بازاڕەكانی كوردستان داگیر دەكاتو هونەری كوردی بەرەو هەڵدێر دەبات".

جەماڵی حەمە کۆڵ پێی وایە کۆمەڵێ هونەرمەندی کوردی لە ساڵانی حەفتاکانو هەشتاکاندا لەگەڵ ئەو هەموو سانسۆرەی حزبی بەعسدا تاڕادەیەکی باش توانیویانە بەردی بناغەی هونەری کوردی دابنێن، بەڵام بەداخەوە هەندێ هونەرمەند بەکارەکانیان خەریکن ئەو بناغەیەش دەڕوخێننو هونەری کوردی بەرەو هەڵدێر دەبەن، بۆیە پێویستە ئەو سانسۆرە وەك فلتەرێك وابێت.



جەماڵی حەمەکۆڵ لەکاتی وێنەگرتنی فیلمی (ثورة الفقراء) لەدێی زڕگوێز ١٩٧٩/٥/١

هونەرمەندو پارێزەر جەماڵی حەمەکۆڵ دەڵێ "ئێستا هەر بەردەوامم لە پێشکەشکردنی کاری هونەری بەپێی توانای جەستەیی‌و هونەری خۆمو لە ئێستادا سەرقاڵی بینینی ڕۆڵی دادوەرێکی لێکۆڵینەوەم لە زنجیرە درامای (وەسیەتنامە) کە لەنوسینو سیناریۆی مامۆستای گەورە (کاوە ئەحمەد میرزا)یەو دەرهێنانی هونەرمەند کاك (بەکر رەشید)ەو من ئەوەندەی بتوانم کاتەکانم بەکاری هونەریەوە بەسەر دەبەم، هەر توانایەکم هەبێت درێغی لە هونەر ناکەم، هەڵسەنگاندنی سەرکەوتنو سەرنەکەوتنیشم لای میللەتەکەمە، حەزو ئارەزوەکانمو خۆشەویستیم بۆ هونەر زۆرن بەڵام توانای جەستەیی‌و هونەریم هەر ئەوەندەیە بەهیوای رەزامەندی گەلەکەمم ئیتر هیوادارم هونەرمەندانی وڵاتەکەمو گەلەکەم هەمیشە بەردەوامبن لەکاری هونەری‌و بەرهەمی زیاترو جوانتر پێشکەش بکەن تاهاوشانی هونەرمەندە جیهانیەکان خزمەتی هونەر بکەن".

هونەرمەندو پارێزەر جەماڵی حەمە کۆڵ دەڵێ "بەرلەوەی پارێزەر بم هونەرمەندمو شانازی بەهونەرمەندیمەوە دەکەم".